www.kurdistannet.org
17-11-2005 0:03بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# کێ تیرۆریستە؟! گەلی کورد یان دەوڵەتی توورک... ئەردەلان عەبدوڵلا

Ardellen 1@ web. de



بەناوی دژایەتیکردنی تیرۆر، هەزاران گوندی کوردستان خاپوور وسووتێنران و بەزۆرەملێش گوندنشینەکان ئاوارەی شارەکان کران. لەشکرەوەحشیەکەی توورکیش بەدرندەترین شێوەپەلاماری گەلی کوردستانی داوەو، بێ سنوور ئیهانەوسووکایەتیان بەژن وخەڵکی سیڤیلی کورد کردووە. ئەوروپاوئەمەریکاش زۆر بێ شەرمانەیارمەتی وپشتگیری ئەم دەوڵەتەشۆڤێنیەدڕندەیان کردوە. یارمەتی دارایی وسیاسی وئیعلامی بێ سنووریان پێشکەش بەم دڕندانەکردووە. هەمووشیان هەوڵیان داوەخەباتی ڕزگاریخوازی کورد بەتیرۆر زرناو بکەن. لێ چ توورکیا وچ هاوپەیمانەکانی نەیانتوانیوەچۆک بەگەلی کورد دابنێن. بەڵکەهێندەی تر شۆڕشی کوردستان بەهێزتر و گەورەتر بووە. هەر بەناوی تیرۆرەوەئەمەریکا سەرۆکی بزووتنەوەی باکوور (ئوج ئالان) ی پێشکەش بەگووڕگەتۆرانیەکان کرد.

ماوەی هەفتەیەکەلەباکووری کوردستان ڕاپەرینێکی نوێی جەماوەری بەرپا بووە. پاش کەشف بوونی دەستی تیرۆری دەوڵەتی توورک، بەدوکۆمێنت و بەڵگەگیراوەکەچۆن هەوڵی تیرۆکردنی زیاترلە200 کەسی شۆڕشگێری کورد داوە. لێ پاش کەشفبوونی دەستەنەگریسە کەیان لەباژێری (شەمزینان) جەماوەری شۆڕشگێری باکوور ڕژانەناو شەقام و گۆرەپانەکان و دژی ئەم هەوڵەی دەوڵەتی توورک، دەستیان بەخۆپیشاندان کردووە. چەندین جارەتوورکیا ئەم یاریەنەگریسەی کردووە، هەر جارەی بەناوێکەوە. لەسەرەتای نەوەتەکان گرووپێکی تیرۆرستی ئیسلامیان بەناوی (حیزب اللە) دروستکردبوو، کەسەدەیا کەسی شۆڕشگێر بوونەقووربانی ئەم باندەتیرۆریستیە. هەندێک جاریش تیرۆریان بەناوی (پێکەکە) دەکرد. لێ ئەم جارەیان بەرۆژی نیوەڕۆ هەوڵەکانیان کەشفبوو.

سەیر ئەوەیەنەئەوروپاو نەئەمەریکا نووتقیان لێ نەهاتەدەرەوە. بگرەمیدیاکانیان بەتایبەت ئەڵمانی هەر باسیشیان نەکرد. ڕۆژانەبێ شەرمانەریکلام بۆ توورکیا دەکەن و بەووڵاتێکی جوان و گەلێکی میهرەبانیان! دادەنێن. ریکلامیان بۆ دەکەن وهانی خەڵکی دەدەن بۆ ئەوەی لەو دەوڵەتەفاشیەگەشتوسەیران بکات. ئێمەنابێت هیچ کات چاوەڕێی ئەم ویژدان مردووانەبین، چونکەئەمان هیچ کات کوردیان بەمرۆڤ نەزانیوە. ئامادەش نین لەبەر پرسێکی مرۆڤایەتی واز لەبەرژەوەندیەئابووریەکانیان بهێنن. هەر بۆیەدەبێت کورد پشت بەخۆی ببەستێت و ریزەکانی خۆی یەک بخات.

هەزاران سڵاویش لەگەلی ڕاپەریو قارەمانی باکوور، کەئیسپاتیان کرد:

میلەتێکی قارەمانن، هەر دەبێت سەر بەست بژین.

ئەڵمانیا / مانهایم